www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 23-2-2007 17:20

# سێبەر ... كەژاڵ ئیبراهیم خدر



خودایە،
حەزدەكەم تۆ هەمیشە هەتاوبیت،
تا بەهۆی سێبەرەكەتەوە
مرۆڤ لە تەنهایی رزگار بكەیت.
***
هەتاو زۆرجاران و تاوناتاوێك
لەترسی هەور خۆی وون دەكات
هەر بۆئەوەی مرۆڤی ئەم سەردەمە تێبگات
ئاسمان وێنەیەكی دەستكرد نیە وەك تێگەیشتوون
***
ئەی مرۆڤی راستەقینە،
سێبەری خۆت مەگۆڕەوە بە هەموو دنیا. . . .
چونكە سێبەر هاورێییەكی هەمیشەییە. .
هەرگیز حەزناكات خۆی وون بكات
سێبەر نەقسە دەكات،
نە رق و كینەو بوغز هەڵدەگرێ
نەدرۆ دەكات
نەچاڵی قوڵیش بۆ پێیەكانی مرۆڤ
هەڵدەكەنێ
***
سێبەر ئاوێنەیەكی جوانە
مرۆڤ هەموو رۆژێ خۆی تێدا دەبینێ و
زۆرجارانیش خۆی حەشاردەدات
بەڵام قاقاو پێكەنینە ناوەختەكانی
فرمێسكە گەرم و گورەكانی
بەتاریكی نیشان دەدات.
***
بۆ برسیەكان سێبەر زۆركات دەبێت بەنان
دەبێت بەحەسانەوەو شوێنی پشوودان
بۆ عاشقێكی تینوی رۆحیش
سێبەر رەنگ و نواڵەی جوانە،
عاشق ووشەی بۆدەنوسێ،
تاكوو ئەویش لەتەنهایی رزگاری بێ. . . . .
***
سێبەر هاورێییەكی كاتییە. .

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
23-2-2007 17:20 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

زۆر جار لەترسی هەتاوی بەقینی دەوڵەمەند
روودەکاتە مەنزڵگایەك
تاکوو چاوی هەژاران و
برسیەکانیش ببینێ؟
****

سێبەر زۆرکات لەگەڵمانە،
نازانین چۆن خۆشمان بوویت. . . .
کە تەنها بین دەیپەرستین،
کە بوینە دوان لێی وون دەبین. . . . .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.